# "وەرگێڕانی شێعرێکی بۆرخێس"

کامیل نەجاڕی

لە پلازا ماڵاواییمان لە یەك کرد

لەسەر شۆستەی ئەوبەر شەقام

رووم وەرگێڕا و سەیری پشتەسەری خۆم کرد

تۆ ئاوڕت دەدایەوە و

دەستەکانی ماڵاواییت شەکاوە بوو

چەمێك لە ماشێن بە نێوانمان دا دەهات

کات ٦ی پاش نیوەڕۆ بوو

تۆ بڵێی نەماندەزانی

لە پاش ئەو چۆمە دۆزەخییە خەمبارە

ئیتر هیچکات یەکتری نابینینەوە

ئێمە یەکترمان ون کرد و

ساڵێك دواتر تۆ مردبووی

ئێستاکەش من

یادەکانم دەپشکنم و

یەك یەك لێیان رادەمێنم و پێم وایە

هەڵەیە گەر

مرۆڤ بە ماڵاواییەکی ئاسایی

تووشی جودابوونێکی بێ کۆتایی بێ.

شەوی پێشوو

پاش شێو نەچوومە دەرەوە و

هەوڵم دا شتگەلێك فام كەم

ئەو دوایین دەرسەم حوێندەوە

كە ئەفلاتوون خستبوویە سەر زاری مامۆستاكەی خۆی

خوێندمەوە كە رۆح دەتوانێ دەرباز بێ، كاتێك لەش مرد

رۆح نامرێ

ماڵاوایی بۆ ئینكاری جوداییە

مرۆڤەكان ماڵاواییان دروست كرد

لەبەر ئەوەی لایان وابوو بۆ هەتاهەتا دەمێنن

گەرچی دەشیانزانی ژیانیان بێ دەوامە

لە كەناری كامە چەم دا

ئەو وتووێژە نادیارە تەواو دەكەین؟

ئەرێ ئێمە!

ئەو جووتەمان

دلیا و بۆرخێس

ئێمە خەڵكی شارێك نەبووین كە جارێكیان لە دەشتایی كەناری رووبارەكان دا

لەبەر چاوەكان بزر لبوو؟!